وێنەی شیعری لە (دڵدارام)ی (ئاری یاران)دا.. هاوژین عبدالرحمان فتاح

لەکۆینەوەیەکی پشکنینی زانکۆی سەران/ فاکەڵتیی ئاداب_بەشی زمانی کوردی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بۆ دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لایەن: هاوژین عبدالرحمان فتاح
بەسەرپەرشتی: م. هێندرێن..

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن...

HawzhinAbdulrahmanDownload

کورتە باسێک دەربارەی ماددەی هێشبەرکان.. ڕێزان جلال حمد

بە خوێندنەوەمان بۆ بابەتی ئاووەبوون و بەکارهێنانی ماددەی هێشبەر بۆمان دەردەکەوێت کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتایی سەرهەڵدانی شارستانیەت لە سەردەمی بابلی کۆندا مرۆڤ بۆ خۆدەربازکردن لە جۆرێك تەنگ و چەڵەمە و ناهەمواری و ناخۆشیەکانی ژیان پەنایی بۆ زۆرێك هۆکار بردووە لەوانە چەندین ماددەی سروشتی دڕزیوەتەوە و تاقیکردۆتەوە کە دواتر بەکاریهێناوە بەمەبەستی بەهۆشبوون و بێئاگای بۆکەمکیش بۆت خۆی رزگاربکات لەو دۆخەی لێ ئاستی بەسەری هاتووە بچێتە ناو دونیای خەیاڵ وبەهۆشبوون و ئاووەبوون کە باوەی وابووە بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە ئازارەکەی کەم دەکاتەوە و مشك و دەروونی ئارام دەکات ، بگومان لای زۆینەمان ووون و ئاشکرایە شتێکی دیارە بەکارهێنانی و ئاووەبوون بە ماددە هێشبەرەکان لە جیهاندا کێشەیەکی گەورەیە جا چ لەسەر ئاستی تاکەکەسی بێت یان ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بێت ، جیا لەوەی کە خۆی ئاووەبوون و بەکارهێنانی ماددە هێشبەرەکان

لە زۆربەی وڵاتاندا کێشەیەکی سەردەمیە وەکو پەتایەکی مەترسیدار بەرکی سەرجەم مرۆڤایەتی گرتۆتەوە ، ئاووداەبوون بە ماددەی هۆشبەرەکان کێشەیەکی یاساییە چونکە زۆربەی وڵاتان بەمەبەستی پاراستنی تەندروستی و شکۆی تاکەکانی کۆمەڵگە لەم جۆرە مادە زیان بەخشانە هەڵدەستن بە دانانی یاسایەکی تۆکمە و بەهێز کە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر وەکو تاوانێکی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە دەزانن و لە قەڵەم دەدەن هەم ئەوانەی کە بەکاری دەهێنن و ئەوانەی کە بازرگانی پێوەدەکەن هەتا ئەوانەی کە بەرهەمی دەهێنن یاسا سزایەکی قورسی بۆدیاریکردوون هەتا لە هەندێ وڵات سزاکە بەجۆرێك تونده کە دەگاتە ئاستی لە سێدارەدان یان زیندانی تاهەتایی ، ئاووداەبوون بەم ماددانە کارێکی زۆر مەترسیدارە مرۆڤ لە هەموبنەما کۆمەڵاتیەکان و مرۆییەکان هەتا ئاکاریەکان دادەماڵێت و لەناوی دەبات بەگەشمان بێ ئەم وتانەمان ئەوەیە کە ئەو کەسەی جەستەی هەڵگری ئەو مادانایە یان ئاووداەبووە بەو ماددە زیانبەخشانە خاوەنی کەسایەتیەکی لاواز و بێهزە دادەڕاوە لە ئیرادەیەکی سەربەخۆ ئامادەیە سازش لەسەر هەر کارێك بکات بێ ئەوەی بە ئامانجەکەی بگات کە گەیشتنە ماددە هۆشبەرەکان و بەکارهێنانی هەتا ئەگەر بۆیکی کەمیش بێت چونکە پێی وایە کە چاك دەبێت بەبێ گوێدانە بە شەرع ویاسا و بنەما ئاکارایەکان هەتا دەگاتە ئەو دیاردەی کە کەسانی نزیکی خۆی کە خۆی لە ئەندامانی خێزان دەبینێتەوە لە ژن و خوشك و و کچ بەکاری دەهێنێت بێ مەرامە خراپەکانی خۆی هەتا مامەڵەیان پێوەدەکات ئەوەی گرینگە ئاماژەی پێبکەین بەکارهێنانی ئەم ماددە هۆشبەرانە زیانێکی زۆر بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت و کاریگەری لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی هەتا کار لەسەر دەروونی کەسەکە دەکات و بەرەو ئاراستەیەکی خراپ دەبات جگە لەوەی کە کاریگەری لەسەر بیر و مێشکی دەکات ، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە تەواوی وڵاتاندا جۆراوجۆرن بەپێی سیستەم وجۆری کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت بێ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە کە پێویستمان بە هاوکاری و هەماهەنگی سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکانە بە مەبەستی بنبڕکردن یا کەمکردنەوەی ژمارەی بەکارهێنەران ، ئەو کەسانەی کە بەکارهێنەری ئەو ماددە هۆشبەر و زیان بەخشانەن یان ئاوەدەن پێیانەوە ناکرێت وەك تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بەکو پێویستە وەك نەخۆش و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت لە بری سزادان و سەرکۆنەکردنیان چارەسەری وەربگرن کە خۆی لە وەرگرتنی دەرمان و چارەسەری دەروونی دەبینێتەوە .

سەرکەوتنی لیستی چەپەکان(NPF) لە فەرەنسا تارمایی هەڵەک زەردەکانە.. ئاسۆ کمال

شکست پەهەنانی خەرای بەرەی ئاستەوەی RN ئاسیست لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ تەموزدا کاریگەری چەند ساڵ خەپیشاندان و خەباتی بەردەوامی کرێکاران و هەڵەک زەردەکانی چینە کەم دەرامەتەکانی فەرەنسایە بەسەر گەڕانی سیاستدا.

داوای شکست پەهەنانی یاسای خانەنشینی و زیادکردنی کرێ و باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان و ئاوەستانی شەڕی غەزە و چەندین مافی تر ئەو بەرنامەیەی لیستی چەپە (NPF)" بەرەی نوێی خەڵک"کە سەرکەوتنی دەنگەکانی چەپی مسۆگەرکردوە.

لە تەنگژەی سیاسی و ئابوری ئێستای سەرمایەداری لە فەرەنسادا بەرەی ئاست RN بە ترساندنی خەڵکی فەرەنسا لەو نادەنیاییەی خودی سیستمەکە لە بە مافی ئابوری و کەمەایەتی خەی دروستی کردوە و نیشاندانی "پەنابەرە بگانەکان" وەک سەرچاوەی کیشەکان، دیوەت "هاوپەیمانی نیشتمانی" RN وەک بدیلەکی بورژوازی بسەپەنە و دەنگدرانکی زەری هەیە.

ئەم شەی چینایەتیە کە لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا بە شوەیکی ناڕاستەوخە و لە ڕگەی لیستە سیاسیە چەپ و ڕاستکانەوە ەنگ دەداتەوە.

ڕاستە هەشتا (NPF) ئەو هەزە چینایەتیە ەیکخراوە نیە کە کرێکاران و هەڵەک زەردەکان لە ەیگەیەوە بتوانن خەیان وەک بدیلی سیستمی سەرمایەداری فەرەنسا نمایش بکەن و بەرنامەی ەیفەرم بە تەنیا دەتوانێ شکستەکی کاتی بەت بە خەتەری هەرشی "هاوپەیمانی نیشتمانی" ئاسیست، بەڵام هەنگاوەکی گرنگی سیاسیە کە پەویستی بە ئامادەیی زیاتری سیاسی چینی کریکار و ەیکخراوە سیاسی و جماوەریکانەتی تابتوانێ ئەم سەرکەوتنە سیاسیانە بکاتە زەمینەیەک بە ادیکاە بونەوە و فراوانتر بونی ناڕازایەتیکانی شەقام و خەباتی سیاسی و ئابوری ئێستای کرێکاران و دروستکردنی ئەلتەرناتیڤکی سیاسی و کەمەایەتی بەرامبەر بەم سیستمە سەرمایەداریە. مەژووی نەریتی

شەشگەانی کرێکارانی فڕۆنسێ ئومێدی ئەم ڕادیکاڵ بونەوەیی خەباتی چینایەتی بەرەو گەانی شەشگەانمان دەداتێ.

ئاسۆ کمال

شیعـــــری دڵان.. نووســـــین و خوێندنەوەی سمکۆ محەمەد

دیزاین و کۆڤەر ڕێکان

نەخشە.. شیعری ستار ئەحمەد

بەوردە باران بمکێشە ..
بمدە بەسەر شنەی بادا .
ڕەوێك دیدە ..
لەئامێزی شەو بنوێنە ،
بگری بەسەر سێزی خوادا .
لەچڕدا چڕك سەکە .
ماچ و گۆنا لەیەك بکە .
بزانە تاریکی لەکوێ ..؟
هاوسەنگەری باخچەی دەکە .
دەمێك لەئاورنگ هەڵکێشە .
چاوێك پێکە لەسرەوتن .
لەتیلەی پرشنگ بڕوانە ،
بپرسە مانگ بۆ کوێی بردن .
فرمێسکێك بەگۆ داپێشە ..
تینێك بەنیگا بکێشە .
پەیەیەك لەخوێنا راخە ،
مەمخەرە نێو دوو هاوکێشە .

بەروونا کی لەلقم بدە ..
کەوانەیەك خۆر باران کە ،
شیعرێك بەمن بدووڕەوە .
چارەنووسمان هەمەواسە ،
بەگەڕداوی باشووڕەوە .
تۆدەگەی نان چۆن سەر دەبڕن ..
لە شانامەی داگیرکەرێ .
دەبینی باڵەش بۆ مەستە ،
دەیەوێت ناسنامەت بەرێ .
لەویژدان وڕە وەرگرە ..
مردن لەخاك بنەخشێنە ،
بۆ چاوەزاری سەربەرزی .
لەپایيز گەڵا مەخوازە ،
ئەمڕۆ زەردی و سبەی سەوزی .

ستار ئەحمەد

خۆشویستەکەم.. شیعری ستیڤان شۆمزینی

خۆشویستەکەم
تۆ بڵێت زانیوە
هەر کات بیرت بکەم
شیعرێک بۆ درێژیی
تەم وەیاد دەهێنتەوە؟
هەر کات ویستم ماچت بکەم
پێنووسم سینگی کاغەز
ماچ دەکات و
لیکی شیعری بەسەردا دەژێت
هەر کات تاسەت بکەم
پشکەی دەم گەرم گەرم دایە
شیعرەکیش لە دایک دەبێت

خۆشەویستەکەم
تۆ هەستت پێ کردووە
ئەو ئانێی سەرمام بێت
لەفەی قرمزیی
ئەو شیعرانە بەخەمدا دەدەم
بەرەو لای تۆ باڵ دەگرن؟
لەو چرکەساتەی پیاڵەی تووڕەییم
لێی دەژێ
لەگەڵ ئەو شیعرانە دەنووم
بەنی سینگ و مەمکی تۆیان لێدێت

خۆشەویستەکەم
بە بیرت دێتەوە
چەن سواری
کەشتی ئەقیندارییی بووین
ئاوریشمی سەزمان بەخەماندا دەدا؟
یان وەک دوو منداڵی بزەو
دارتووی ئاسمانمان تەکاند
باوەشمان پێبوو
لە چەپکەک ئەستێرە
تۆ قەت بیرت لەم رۆژانە کردەتەوە و
فرمێسکی شادیت داباریبێت؟

خۆشەویستەکەم
ئەو رۆژەت لە یادە
شێتە”با”ی شیعرەکم هەڵیکرد
کراسی شەرمی هەڵدایتەوە
دوگمەی ستیانی ترازاند
دەستی درێژکرد
هەنارەک لە سینگت بکاتەوە؟
لەو رۆژەوە شیعرم ئارام بەتەوە
وەک شەونمەک

لەسەر گۆڕەکانی لەشت نیشتووە

خۆشەویستەکەم
دەزانم غەمبارییت
دووریی
چاوی هەزاران
حەزی کوڕ کردووە
بریندی دەیان شیعری کولاندەتەوە
دوودە مەبە ئازیزم
دەنک دەنک حەزەکانم
بە دەزووی شیعر هەنیوەتەوە
لە دیدارەکی چاوەوانکراودا
چەشنی ملوانکە دەیکەمە ملتەوە

خۆشەویستەکەم
خۆنکەم هەیە
لەنەو گەرانییەکی بەهاریدا بژیم
لە مەمکی نەمریی
شیری ژیان بخەمەوە
لە تەک هەورەکاندا ڕە بکەم
لەگەڵ ئاترین بارانەکان ببارەم
لەناو باخی خۆشنوودیدا
هەناسە بدەم و
لەگەڵ دارسنەوبەر
لەیەک جێگە ئاو بخەمەوە
لە پەنا خۆشەویستیی نەکوژاوەتدا بمرم
گەڵکەشم نەو چاوی فرمێسک تەزاوی
تە بێت

خۆشەویستەکەم
فەرامۆشی مەکە
ئەو خەزگە بەهەشتییانەی
بە سواری ئەسپی شیعرەوە دێن

ئەو خولیا ئیرەسیانەی
لە شەرمنیی پیاوەکدا
شکەفیان کردووە
ئەو رستە گەرم و گوڕانشی
بە دار تەلی بەدەنگیەوە
بەستراونەتەوە

خۆشەویستەکەم
هەبوون هەر ئەوەندەیە
لە شەوێکی تامەزرۆی ساماڵدا
ژن و پیاوێک لە ماڵێکی نهێنیدا
ئاواتی لە مۆزینەیان
لە ماچدا تام بکەن
هەزاران چیرۆکی لەبارچوویان
بکەنە یەک چیرۆکی خوساوە
لە سەر هەرزی تەختەخەوکەیان

خۆشەویستەکەم
زەر ماندووم
بە خەت دەزانی سەرم کردووە
بەهەموو کونەکدا
بە دوای خەما گەڕاوم و
دەی ژنەکم ورد پشکنیوە
جارێک "جولەت"م بینی
من نەمتوانی
ڕەمی "ڕەمیە" بگەڕێم
جارێکی دی "مەجنون" بووم
"لەیلا"ی جادووگەر
لە هەستدا هەڵفی
ئەستا
دەوانەیی "وەلی"م کردەتە بەر
تەی "شەم" دەملاونیتەوە

خۆشەویستەکەم
وتت پێناسەی شیعرم بۆ بکە
دەربارەکان بۆ دەغیلە تێیگەیشتوون
لە گوڵی سەربازەکاندا
شەپۆڵی جەنگە
لای سیاسەتمەدار
کاڵایەکی ئێکسپایەرە
لای سۆفی
تەجەلا و سوورەتێکی نورانییە
لای شاعیرەکان
گەمەیەکی زمانەوانییە
لای منی ئەوینداریش
حەسرەتێکی وەک
بۆ دوای دڵبەردا دەگەڕێت

خۆشەویستەکەم
خەم دەنووسمەوە
کاتێک
شەنگەزییەکانم دەنووسمەوە
تۆ لەوێ نیت
کاتێک جوانییەکانم دەنووسمەوە
لەبەر تۆ، چاوم لە خەم نییە
کاتێک
بەسەر تەرمی رابردوودا دەگریم
تۆ لەوێ نابینم
کاتێک قافیەی ئەستا
دەگەیەنمە مانای شیعری ئایندە
لە هەموو لایەکەوە
شۆڕن پێی
هاتنی هەمیشەییت دەبینم

خۆشەویستەکەم

دانی پەدا دەنەم
ئافرەتی زەرم ناسیوە
هەندەک وەک ئەوەی
رەبواری ناو شەمەندەفەرەک بین
لە وەستگەیەکی نزیک دابەزیون
هەندەکی تر
وەک ئەوەی لەشکری هەنگ بن
نوقمی شیعریان تا تەربوون کرەژتم
دانی پەدا دەنەم
لە خەیاڵپەاویی ئەوان بە ئاگابووم
گوڵەکی پەژموردە بووم
لە باخی سووتاوی ئەواندا
دان بەوەشدا دەنەم
ئەوەی بە دواتدا دەگەڕا
تەنها خەم بووم
ئەوەی ئەبەد لە منداڵدەمەنەتەوە
تەنها تەیت

خەشویستەکەم
تە مەژووت نییە
لە تەقویمی منداڵەژەک نییە
ناوی بنەم رەژی یەکتر ناسین
لە تەقویمی منداڵەژەک نییە
ناوی بنەم رەژی خەشویستنمان
تە نوورەکی ئەزەلی بوویت
رژاویتە عاتیفەی تاریکترین پیاوەوە
خودا ملیەنان ساڵ
بەر لە دایکبوونمان
ئەمەی بە یەکتر هەبژارد
لەبەرئەمە لە تەقویمی منداڵ
تەنها یەک رەژ بوونی هەیە
ناوی دەنەم
جەژنی یەکتر دەزینەوە

خۆشەویستەکەم
حەزم لە بەردەوامیە
شیعرێک، بەردەوام
بەناو لەشی مژووداو بگەڕێ
لە هیچ وەرزێکی شوومدا نەمرێت
روویارێک، لە زاکیرەی زەویدا
بە تێپەڕی بەمنەتەوە
هیچ کات دڵی وشک نەبێت
خەونێک
میوانی هەمیشەیی شەوان بێت
هیچ کابووسێک زەفەری پێ نەبات
عەشقێک
لە دوای چەندین سەدەی تریش
هەر بەکەوزی سەرەتای لە هەڵسێ

خۆشەویستەکەم
باسی نەمریی دەکەم
ئەم خوێنی بە بڕی "گلگامش" نییە
خولیای ئەفسانەیەکی گریکی نییە
هەقایەتێکی کۆنی داپیرەم نییە
سەرگوزشتەی خدری زیندە نییە
داستانێکی خەیاڵکردی نووسەرێک نییە
وێنەی سەرجگای نەخشێک نییە
نزای سزانیەکی تازە تەبەکار نییە
مەراقی بەهودەی پەروانەیەک نییە بە تەمەن
ویستی دێرپێ شەونمی ماچکەم
دەیەوێت لەنێوان مەمکەکانت
هەتا هەتایە بە شەداریی بەمنەتەوە

خۆشەویستەکەم
ڕەنگی ستیانەکانت
لە فەرهەنگی منداڵ مانای هەیە

سوورەکیان
نیشانەی هەڵچوونی ئارەزووە
شینەکیان
هەمای ئاشتبوونەوەی
پەنجەکانی من و مەمکەکانی تۆیە
مەڕەکیان
مەری منە لەناو مەمکەکانت
سەوزەکیان
بریسکانەوەی چاومە لە سینگتدا
پەمەییەکیان
پەرژینەکی ترساوی شەرمنە
ڕەشەکیان
سیمبولی غەمگینی مەمکەکانتە
لە چاوەوانی لەوی مندا

خەشوێستەکەم
ئیتر دەرگا دادەخەم
نامەوێت جگە
لە هەناسەی شیرینی تۆ
گەاوی هیچ هەناسەیەکی تاۆ
بۆتە ژوورەوە
نامەوێت جگە
لە سیمای سەرسامکەری تۆ
هیچ شۆکوتێک
دەرگای بیرکردنەوەم پێ بگرێت
نامەوێت جگە
لە خەونە سەرکەشکانی تۆ
دەرگای ئەوینم
بۆ ەووی هیچ خەونێکی تردا بکەمەوە
هەر ئەوەندە دەرگای کراوەم پێویستە
تا میهرەبانی تۆ دۆتە ژوورەوە
دوای هاتنی تۆ
هەر کە لە دەرگا بدات
روو قایمانە پێی دەڵێم
ببوورە کەس لە ماڵ نییە

ستیڤان شەمزینی

گــوزارەی نــوێی دووەمــی کــورد لــەهــەندەران-132.. دەشاد تاقانە

سەدوسیودووەم کورتەگوزارە..

حاری صەیان..

زەرناخشە لەوراتی خەمان، سەرەای دەسزی و ئاکار جوانی پارێزگاری ئەوجا برادەرەکی باش و دەخشکەری مرۆڤ کەچی زەر بەناشیرنی لەیدەوانین و ەەفتاری لەگەڵ دەکەین! مامەستای ئاکارمەندیە و دەکرێ لەیەوە فەربین و فەلسەفەیەکی هەشمەندیمان بداتێ، ئەوجا کورد ئەگەر بارودەخی باش نەبی یان لەەیەکەوە بە و ماندی بی لەی بپرسی: چۆنی؟ دەڵێ: حارم حاری صەیانە. نەزدە نەورۆز گەی دابووە بەهاری ژیانی کچە کوردی هەندەرانی، یەکەم جاری بوو بەگەورەیی بەتەوە نیشتمان و شارەکەی. لە ئەوەی دەتەنگ نەبی و خەشیەک ببینی مامی پێیگە: وەرە بچینە مارە بــرادەرەکەم صــەگەکیان هەیە لەبەرتانیاوە بەگوجیلەیی کەیتیان! کچەش شاگەشکەبوو: دەی مامە بابچین بۆ لای؟ بەەەکەوتن بۆ گەرمایە وزەپسەنەی کوردستان گەیشتنە مارەکە و صــەیەکە دیــارنیە؟ گەتیــان: ئەوە لەســەربانیە کچەش بەهەرەداوان سەرکەوت چ ببینی؟ صەیەی بەەیتانی و ئینگلیزی زان لەناو قەفەزە کرایە گەرما لەیدەدا زمانی بستەک دەرهینایە تەزەک فەنکی ببتەوە! چەەە ئاوەکیان لە دانایە لەگەڵ سێ چار لاچکە نانی وشک! بەمقەسیش توکەکیان بەیە کەچەریان کردیە! کچە چاوی تاریک بوو هەندە توەەبوو بەدەستیبا هەمووی دەدانە بەرشەقان و دەیناردنە بەندیخانە. گەتی: مامە ئەمن ناهەلم ئەو صەیە لەرەبی، خەریکە دەمری. وەەا بەزەر هینایە دەرە و لەگەڵ خەی بردیەوە مارە، جوان شوشتی و خواردنی دایە، صەیەکەش لەخەشیان هەرکلکی لە بادەدا و خەی تەهەردەسوی و دەخەش بــوو بەئینگلیــزی دەیــدوەنی وەک ئەوە خــزم کەسوکاری سەردانیان کردبی. کچەی هەندەرانی تەلەفەنی لە کەمەەی

مافپارێزی ئاژەڵانی ئەمانی کرد: دەمەوێ ئەو سەگە بهینمەوە ئەمانیا و پاسپۆرتم لەی دەوێ، تاوانی لێکرایە، لەگەڵ برایە گوجیلەکەی لەڵەی ئینتەرنێتەوە فرۆشترایتە کوردستان، برایەکەی لەسلەمانیە و خەشی لێکەیە! ژیانی زۆر سەختە دەمەوێ ژگاری بکەم. خاوەنی سەگەکە هات و بەڵێنی دا: هەمووی شتێک لە صەیەکە دەکا و وێک کچەکە دەیەوێ. کچەش باوەڕی کرد و متمانەی پێدا بەڵام لەدوای بەڵامکەش ئەستاشی لەگەڕیی صەیەکە حاری حاری صەیانێ.

دڵشاد تاقانێ

بەیار سەبارەت بە شەڕی غەزە.. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چێپی عێراق

ئیسرائیل سوودی لەو تاوانە وەرگرت کە حەماس و گروپێ ئیسلامییەکان لە دژی خەڵکی سڤیل لە ئیسرائیل ئەنجامیان دا، ١٢٠٠ کەسیان کوشت و ٢٥٠ هاوڵاتی لە ئاهەنگێکی مۆسیقادا بەبارمتە گرت و ڕفاند و تاوانی دڕدناکی ئەنجامدا. هەرشی ئیسرائیل هەموو هەڵە سوورەکانی لە یاساکانی جەنگدا بەزاند و لە ئاسمان و زەوی و ناوچەیەکی بەرفراوانی دانیشتووانی بەردومان کرد بە ملیۆنان هاوڵاتی لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە کرد، هەموو باڵەخانەو و نەخۆشخانەکانی وێران کرد، بەبۆشیانی کرد لە ئاوی خواردنەوە و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان، تەنانەت خۆراکی ڕەزانە و دەرمان. داسپاندنی گەمارۆیەکی ئەمنی لە هەموو لایەکەوە و تاوانی جینۆسایدی دژی فەلەستینییەکان ئەنجامدا و زیاتر لە ٣٦ هەزار کەس کوژران کە نیوەیان منداڵن.
ئیسرائیل ئامانجی سپاندنی کارەساتێکی (نکبة) نوێی بەسەر خەڵکی فەلەستیندا، کە مەترسیدارتر لە کارەساتی پێشوو و دیاریکردنی تەواوی خەڵکێک لە ماڵ و ناوچەکانی خۆیان دەربکات بۆ وڵاتانی دراوسێ. هەر لەبەر ئەمەش کە ئێستا ئیسرائیل بەدەست گۆشەگیری جیهانی و ناڕەزایەتی بەربڵاوی دژەکی و ناوخۆی دەناڕەنجێت

تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتی جەنگیشدا دەستەکارکەشانەوە لە حکومەتی نەتانیاهۆ هەیە.
فاشیزمی ئیسلامی بە بەبڕایەتی حەماس و دەوڵەتی فاشیستی جوولەکە بە سەرکایەتی نەتانیاهۆ تاوانباری جەنگن. نە حەماس و بەرەنگاری ئیسلامی نوێنەرایەتی گەلی فەلەستین دەکات، نە دەوڵەتی ئیسرائیل نوێنەرایەتی گەلی ئیسرائیل دەکات پێویستە سەرکردەکانی هەردوو لایەن لە دادگا نێودەوڵەتییەکان بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن.
ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا بەدی نایەت بەبێ پێکهێنانی دوو دەوڵەتی یەکسان لە تەنیشت یەکتردا، هەروەها بێ بینینی دەستی بزووتنەوە ئیسلامی و جوولەکەکان کە ناوچەکەیان کردووە بە ناوچەی شەڕ، برسێتی ، هەژاری، و شەڕی تائیفی و ئایینی. لابردنی فاشیزمی ئیسرائیل و فاشیزمی ئیسلامی و پێکهێنانی دوو دەوڵەتی یەکسان و عەلمانی گەرەنتی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە دەکات و کۆتایی بەو نادادپەروەرییانەی بەرامبەر خەڵکی فەلەستین دەهێنێت.
بە هەنگاونان بەرەو ئەم چارەسەرە، پێویستە دەستبەجێ شەڕەکە ڕابگیرێت و هەموو بارمتە ئیسرائیلییەکان و دەستگیرکراوەکانی فەلەستین ئازاد بکرێن و دەروازەکانیش بکرێتەوە بۆ بردنە ژوورەوەی یارمەتییە مرۆییەکانی وەک خۆراک و دەرمان و سووتەمەنی و بریندارەکان چارەسەر بکرێن و گەڕانەوەی خەڵک بۆ زێدی خۆیان.

لە پەسندکراوەکانی پلینۆمی ١٦ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چێپی عێراق
٢٠٢٤\٦\٢٣